# خۆ مردن لاستیکی خەتکوژاندنەوە نییە!

**ئازاد سۆران**

بەهۆی هەڕەشە و ئەگەری جەنگ هەڵگیرساندنی نێوان ئەمەریکا و عێراق و مەترسی لێکەوتنەوەی بەکارهێنانی چەکی قورس و کیمیاوی و، هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ناو کوردستانی باشوور، هەموو سەرقاڵن، کە دواجار نازانرێت چارەنووسی کورد چی لێدێت و پاشەڕۆژی کوردستان بەرەو کوێ وەردەچەرخێت. لەوانەیە لە کۆتایی جەنگەکەدا تەنها کورد تیادا زەرەرمەند بێت. بۆیە هەموو ئەگەرێک ئەگەرێکی ناخۆشی بەدوادا چاوەڕواندەکرێت.

ئەمڕۆ کورد لە خەم و ماتەمینییەکی یەکجار گەورەدایە، ئەگەر بە دڵی داگیرکەرانی کوردستان شەڕەکە بشکێتەوە، ئەوە دەتوانین بڵێین لە سایەی سەرکردە خۆفرۆشەکانی کوردەوە کارەساتێکی دیکەی وا دەکەوێتەوە ئەگەر لە ڕووداوەکانی ئەنفال گەورەتر نەبێت، کەمتر نابێت.

ئەمڕۆ زۆربەی نووسەر، ڕۆشنبیر، کەسایەتی و خەمخۆرانی کورد، لە هەموو لایەکەوە، لە سەر ئەگەری ڕوودانی ئەو کارەساتە چاوەڕواننەکراوانە دەنووسن، خۆپیشاندان ڕێکدەخەن، بۆ بەردەم پەرلەمان و سەفارەتەکان ڕێپێوان دەکەن، نارەزایی خۆیان دەردەبڕن. سەری زمان و بنیزمانی هەموو بۆتە باسی ئەو نەهامەتییە، کەچی فرەنووسی کورد: (حەمەسەعید حەسەن) لەم ڕۆژەدا بە ناو نووسینە کۆنەکانی خۆیدا دەگەڕێت و ئەم بابەتە جوانەمان بۆ هەڵدەبژێرێت: ( ئایا ڕەفیق سابیر جنێوفرۆشە؟) بە خۆشییەوە دەینێرێت و بۆ جاری دەیەمین بڵاوی دەکاتەوە.

برام کاکە حەمە: هەموو کەس لێتتێگەیشتووە کە تۆ لەبەر فێنکی و نسرمی ژێر ئەو نووسینانەت دەحەوێیتەوە، بەبێ هێرشکردنە سەرت و هێرشبردنە سەر خەڵکی هەڵناکەیت. ئەگەر جارێک یەکێک بە گووتەیەک یان بەنووسینێک بتپێکێت و لە نقەت بخات بۆ ماوەیەک بێدەنگ دەبیت، دەزانم دواجار خۆت دەتەکێنیت و هەڵدەسیتەوە. بەڵام توخوداکەی ئیستا کاتی ئەو خۆ تەکاندن و هەڵساندنەوەیە بوو؟ بۆچی دیسان دەتەوێت بکەویتەوە پەلاماردان و بەو نووسینە لە خەم و بیرکردنەوەکانمان بخەیت؟ کێیە ئەو بێزەوقەی ئەمڕۆ ئەم نووسینەت دەخوێنێتەوە و ئافەرین و دەستخۆشیت لێدەکات؟ ئەوەی ئەوە دەکات کەسێکی دەروون تەواو نییە! کەسێک نییە لە تۆ ساغ و سەلیمتربێت.

بریا کەسێک پاش مردنت هەموو ئەو پۆتانەی شکاندووتە و ئەو خەڵکانەی خستوونەتە بەر هێرشی نارەوای خۆت، سوکایەتیت پێکردوون لە نامیلکەیەکدا هەموویانی کۆ دەکردنەوە و بە چاپی دەگەیاند.

وەک خۆگووتەنی: (خۆ مردن لاستیکی خەتکوژاندنەوە نییە!).

**ئازاد سۆران**

2003 / 3 / 12